# خەونەکانم پڕن لە ئاشتی



ئیلهام مورادی

ژنە کوردێکی لاوم و
هەڵواسراو بە هەناسەی شەونم و
مێرگ و زار
دووراو بە ڕۆحی دەشت و چیاکانی نیشتمان
لێوڕێژ لە وەفا و
ئەستوورتر لە قامەتی چیاکان و
سەرکەشتر لە دوندی ئارارات
دڵم کانگای ئەڤین و
چاوم تاسەمەندی بەژنی دوولبەر
چرکە چرکە کاتەکان لە تەمەنم تێ دەپەڕێ و
ئەزموونەکانم فیلمێکی تگزازی لە بەرە
شەڕ بە باڵای شەودا دەلوورێنێ

که چی خەونەکانم پڕن لە ئاشتی
من بەڵێنم داوە کە داهاتوو بۆنی گەنم دەدا
من شاژنی دلێری ئەم جێژوانەم
شەیدایی بە ڕووخسارما دەپێورێ و
تا گەیشتن بە ئامانج
کورتە چیروکێ خۆی حەشار داوە.

سنە
ئیلهام مورادی